# بۆ هەر دەبێت نێچیر سەرۆکی حکومەتی هەرێم بێت؟



## - بەشی دووەم -

## ئاریان سۆرانی

خوێنەری خۆشەویست, وەک لە بەشی یەکەمی نووسراوەکەمدا زۆر شتم دەست نیشان کرد کە کەم و زۆر یان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە وەڵامی پرسیاری سەردێڕەوە, بەڵام زۆر شتی تر هێشتا ماوە باسی لەسەر بکەیین کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دووبارە پەیوەندییان هەیە بەم وەڵامەوە. بەڵام لەم بەشەدا زۆر لەو شتانەی بەشی یەکەم کەمێک قووڵتر دەکەینەوە و وورتر دەیانخەینەوە ژێر لێکۆڵینەوەیەک کە بە ئەقڵێکی سەردەمییانە بتوانین کەم و کوڕییەکان دەست نیشان بکەیین. بەوورد تەماشا نەکردنی ئەم پێچ و پەنایانە و جوان لێنەکۆڵینەوەیان دەبێتە مایەی دوو دڵی و گوومانی خەڵکانی بێ دەست و زمان.

جا. هەر وەک ئاماژەمان کرد بۆ چەند لایەنکی زۆر زەق لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دا, ئێستا بەوپەڕی قابلیەتەوە ناوەکەی دەتوانین بگۆڕین و ناوی لێبنێیین پارتی بارزانی کوردستان. هەڵبەتە ئەم ناوە زۆر زۆر شیاوترە وەک لەو ناوەی کە کاتی خۆی لە کاتی لە دایک بوونی پارتیدا بە هەڵە لێینراوە.

ئینجا با بێین مێژوو لە چاویلکەی پارتییەوە ببینین و بخوێنینەوە. هەر یەک لە ئێمە بێگوومان سەیری کەناڵە ئاسمانییەکان بکەیین گەر ڕۆژانەش نەیکەیین, ئەوا ڕۆژ نا ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێک لە حەفتەیەکدا هەر دەیکەیین, ئەوا ڕاستییەکی تر درک پێدەکەیین. کەناڵی ئاسمانی >بارزانی تی ڤی< کە دووبارە بە هەڵە ناونراوە >کوردستان تی ڤی<, ئیش و کاری ئەم کەناڵە داماوە تەنها جێبەجێکردنی وویستەکانی بنەماڵەیە. ئەم کەناڵە ڕۆڵی یەکەمی هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو سێ سیاسەتە سەرەکییەی بنەماڵە: >پیرۆزکردن< ی بارزانی و نەوەکانی وە >کەڕکردن و کوێرکردن< ی خەڵکی کورد بەگشتی لە شاردنەوەی ڕاستییەکاندا. هەر وەک پێشتر باسمان لەسەر ئەم سێ سیاسەتە کرد, دواتریش باسی دەکەینەوە, بەڵام با جارێ لەسەر ئەو مێژووە بدووێین کە هاوێنەی بارزانی تی ڤی پیشانی

دەدات. ڕووی مێژوو ڕەش بێت کاتێک کە سەروەت و سامانی گەلێکی چەوساوەی وەک کورد دێوەزمەیەکی وەک ئەم بنەماڵەیەی بۆ دروست دەکات و وەک زووحاک لەسەر شادەماری داهات و سەروەتی گەل بلەوەڕێن وە هەر کارێکیشیان کە دەیکەن بۆ گەلەکەیان, دەیکەن بە چاکە و پیاوەتی بەسەر گەلەکەیانەوە وە دەیدەنەوە بەچاوی میللەتدا. ئەم بەرزانی تی ڤی-یەش کە مەسرەفەکەی لەسەر خوێنی شەهیدان و خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستانە, تەنها پەیامیان بۆ کورد تەنها ووشەی بارزانییە.  بێ ئەوەی کە هیچ نوێکارییەکیان لە هەگبەدا هەبێت, جگە لە وشەی بارزانی. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم تی ڤی-یە دەبوو داهێنەر و خەڵکی کوردی فێری دیموکراتییەت بکردایە, وانەی دیموکراتییەتی پێشکەش بکردایە. بەڵام هەڵە نیم کاتێک ئەو شتانەی سەرەوە باس دەکەم, چونکە دیموکراتییەت و ڕادەربڕینی ئازاد نامۆن بە فەرهەنگی بنەماڵە. وە ئەم جۆرە شتانە ترسناکن لە بەرژەوەندی بنەماڵە دەدەن لەگەڵ بەرژەوەندی بنەماڵە یەک ناگرنەوە, هەر بۆیە بە هەرنرخێک بوبێت دەبێت دابپۆشرێن و لە بیری خەڵک ببرێنەوە. ئەوان حەزناکەن ئازادییەکی وا هەبێت کە کەسێک بێت و بڵێت ئەرێ کاک نێچیر دەبا ئەو بەڕێزە لەبری جەنابت ببێت بە سەرۆکی ح.هەرێم, بەڵکوو حەزدەکەن کە خەڵک تەداخولی ئەم جۆرە کارانە نەکەن و نققە لە خۆیان ببڕن. وە نەک هەر نققەش لە خۆیان ببڕن بەڵکو ڕۆژانە یادی بابەگەورەیان بکەنەوە, نەبا بخافڵێن و لەبیریان بچێتەوە.

با بچینەوە سەر تەلەفیزیۆنەکەی بارزانی. ئەم تی ڤی-یە ئامادەنییە گەورەیی شۆڕشەکانی پێشتر پیشان بدات, خۆ ئەگەر بەڕێکەوت باس کەوتە سەر مێژووی شۆڕشە کۆنەکان, ئەوا بەسەرپێیی و کەمێک لێدوان لە کۆڵخۆیانی دەکەنەوە و خێرا مێژوو تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەو مێژووەی کە ئیتر بارزانی خۆی کۆلفیکولە. هەر لەو مێژووە وە کە بارزانی وەدەر دەکەوێت, ئیتر زۆر بەهێواشی و بە وردی باس دەکرێت و بێگوومان پیرۆزدەکرێت بەشانیا هەڵدەدرێت و ئەم شاخ و ئەو شاخی بۆ دروست دەکەن. ئێستاش نەمدی ئەم کەناڵە خۆشەویستە بەناو >کوردستان<-یە بە بێ جیاوازای و بەبێ نرخ کەمکردنەوە یان بە بێ کەمتر گرتنی شۆڕشەکانی پێشوو باس لە مێژوو بکات. ئەگەر بەدەست ئەوان بێت ئەوا حەز دەکەن کە ئەگەر هەموو مێژووی کورد بە چەند سەد پەڕەیەک بنووسرێت, ئەوا باس و مێژووی بارزانی پانتاییەکی زۆری ئەو لاپەڕانە بگرێتەوە.



دەبێت خەڵکی کورد هیممەتێک بکات و هەرچۆنێک بووە ئەمانە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا نەیبەنەوە.

خۆ ئەگەر بێت و خوانەخواستە, گوێی شەیتان کەڕبێت, ئەمانە بیبەنەوە, ئەوا سوبح و ئێواران وە لەگەڵ نان ودۆ و پیازیش دا دەبێت ناوی بەرزانی بهێنین. وەک چۆن مەسیحییەکان لەپێش نان خواردن دا سوپاسی خۆدا دەکەن کە نانی پێداون, ئێمەش وامان لێدێت کە هەموو کاتێک ناوی ئەم کەسە پیرۆزە لەسەر زارمان بێت. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە زۆری حەز پێبکەین, بەڵکوو ئەوەندە پیرۆز دەکرێت, چی بە تەلەفیزیۆن, ڕادیۆ یان ڕۆژنامە ئەوەندەمان دەدەن بە گوێدا, لە دوا جاردا ئێمەش ڕادێین کە هەر ناوی <بارزانی> هات ئیتر زاتێک بکەوێتە دڵمانەوە ئێمەش لەدواوە بڵێینەوە. خۆ ئەگەر پارتی پێی بکرێت ئەوا کەناڵێکی ئاسمانی تر دادەنێت هەر بە ناوی بارزانی –ییەوە و هێشتاش بە ڕای ئەوان هەر کەمەو هێشتا کەم کراوە بۆ ئەو زاتە پیرۆزە.  ئەو زاتە پیرۆزە کە بە دارجگەرەتاش ناسراوە لە ناوچەی ئێمە بەڵام ڕۆژگارەکەی بووە بەوەی کە ئێستا ئێمە دەبێت بیپەرستین. دەشڵێن کە مەلا مستەفا ئازا بووەو لە ڕووباری ئاراس پەڕیوەتەوە و گەشتۆتە سۆڤیەت. بەڵام ئەو ڕاستیە دەشاردنەوە کە ئەم کابرایە لە ترسنۆکیدا ئەم هەموو ڕێگا دوورەی بڕی تا نەمرێت. کەچی ئەم کابرا ترسنۆکە هێشتا لە پێشەوا قازی نەمر بەرزتر دەنرخێنرێت. ئەو پێشەوایەی کە ئامادە نەبوو میللەتەکەی جێبێڵێ و ڕابکات وە لە دوواییدا بڵێن خەڵکی فریودا و کەچی خۆشی ئاشبەتاڵی کرد و هەڵات. بەڵکوو مەردانە و کوردانە ئامادە بوو پەتی سێدارە لە گەردن بنێت. هەر ئەم کابرا ترسنۆکەش بووە هۆی لەبار چوونی کۆماری کوردستان. وەدەڵێن ئەو کات ئەم کابرا ترسنۆکە  بە پێشەوای نەمری وتووە با ڕابکەیین و نەکوژرێین, بەڵام پێشەوای نەمر داواکەی ڕەتکردۆتەوە, ئەمە نیشانەی سەرکردەی گەلە نەک بارزانی کە لە ترسی گیانی خۆی گەشتە ئەو پەڕی دونیا. ئەمانەشیان هەمووی بۆ کردووە بە داستان و ڕووداوی ژیانی سەرکردەیەکی ئەفسانەیی. ئێستاش یەکێک لە نازناوەکانی <لێجەند لیدەر>-ە.  ئەی قازی نەمر, تۆ چەند پیرۆزیت بەڵام دڵنیابە تۆ هەمیشە لە هاوڕی ترسنۆکە کەت پیرۆزتریت و بەڵام بەداخەوە کە هاوڕێکەت ئەو هاوڕێ یە دەرچوو. هەر چەند ئەگەر بتزانیبا کە ئا ئەوە دەبێت هەر گیز هاوەڵیت نەدەکرد. بەڵام مێژوو وون نابێت و هەر کەسێک بە کەسایەتی خۆی پێوانەدەکرێت.



ئێستا ئەم بەزمەش داهاتوو کە یادی لەدایک بوونی بارزانی بکرێتەوە.  یادی سەدساڵەی لەدایک بوونی باوکی کورد. <هەپی بێرس دەی توو یوو>!!!!!!!!



ڕۆژەکانی پشووی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان دا لە مەولا زیاد دەکەن, ڕۆژی لە دایک بوون, خواحافیزی کردنی, سەفەرکردنی بۆ سۆڤیەت, گەڕانەوەی بۆ کوردستان, ڕاکردنی بۆ ئێران هتد...

ئەگەر لەمەولا ئاشبەتاڵەکەش نەکەن بە بۆنەیەکی مێژوویی و ڕۆژێکی کەم وێنە لە خەباتی بارزانی باشە. چوونکە کوڕە ساویلکەکەی کە سووپای ئەنفال و کیمیا بارانی بەعسی پەلکێشکردەوە بۆ هەولێر ئەمەی بە سیاسەت خستە بەرچاوی خەڵکی کورد و هەر ئەوەندەی هەڵکێشا کە ئەمان توانیویانە سوپای عێراق بکەن بە جاشی خۆیان وە بەکاری بهێنن. بێگوومان ئەمە گەورەترین سووکایەتی کردنە بە گەلی کورد و هەموو پرەنسیپە کوردەوارییەکان. ئەمە ئەوپڕی زۆڵێتی ئەم سەرکردەیە پیشان دەدات بەرامبەر بە گەلەکەی خۆی. چوونکە خۆیشی و گەلەکەشی ئەوە باش دەزانن کە هەر ئەو سووپایە بوو کە ئەنفال و کیمیایی و چەندین و چەندین تاوانی تری دەرحەق بەگەلی کورد کردووە. بڵێی کورد ئەوەندە گێل بن نەزانن و سووپای دڕەندی بەعس نەناسن کە چەندین ساڵە خوێنیان دەمژێت, ئێستاش کوڕەکەی مەلا ئەم سووپایەی کردبێت بە جاشی خۆی, وا نییە؟

ڕووی بنەماڵەکەی بارزانی بە ئاسانی لەم هەموو خیانەتە پاک نابێتەوە, ئەمانە مێژوون تازە. من بە ئەندێشە ئەو ڕۆژەم لە بەرچاوە کاتێک خەڵکی ئێمە ئەو ڕاستییەیان بۆ ئاشکرادەبێت و ئەو کات ئەو نەوە نوێیە هەر خۆیان ناهێڵن گۆڕی ئەم کابرا خائینە لە خاکە پیرۆزەکەیاندا بێت و گۆڕەکەشی لە وەڵات دەردەکەن. بەڵام تا ئەو ڕۆژە دێت پێی دەچێت. ئەم قاتەی جەنەڕاڵێکی ڕووسی بە سووڕ وەرگرتووە و لە خۆشی جوانی قاتەکە وێنەیەکیشی پێوە گرتووە. ئێستاش پێی دەڵێن جەنەڕاڵ بارزانی, یەکێکی تر لە ناوە پیرۆزەکانی. بەڵێ, ئەمەیە ڕاستی ڕووداوی ژیانی ئەم کابرایە, کە بە پارە کراوە بە سەرکردەی ئەفسانەیی. دەوەرن خەڵکینە, بە هەر پێوانەیەک ئەم کەسایەتییەی بارزانی پێوانە بکەییت چ دەرەنجامێکمان دەست دەکەوێت؟ ئیتر پیرۆزی چی و سەرکردەی ئەفسانەیی چیی, خەڵکینە, ئەوانەی کە هێشتا لە دڵسۆزی و دڵپاکی خۆتانەوە دەهۆڵ بۆ ئەم شتە بەحساب پیرۆزە دەکووتن, وەرنەوە هۆشی خۆتان و ویژدانی خۆتان لەو شتە ناپیرۆزە پاکبکەنەوە.

پێم خۆش بوو چەند ووتەیەکیش وەک وەڵامێک بۆ کاک هەڵکەوت زاهیر بنووسمەوە کە بە حسابی خۆی وەڵامی منی داوەتەوە. بەڵام کاک هەڵکەوت؛ پێش ئەوەی هیچ

بنووسمەوە, پێمخۆشە کە پێت بڵێم تا جارێک یان دوو جاری تر نووسراوەکەم بخوێنیتەوە, چوونکە هەست ناکەم بەڕێزت باش تێگەشتبێتیت لە ناوەڕۆکی نووسینەکەی من. من وەڵامەکەی جەنابتم خوێندەوە, بەڵام کە بەراوردم کرد لەگەڵ نووسینەکەی خۆم وا دەرکەوت کە بەڕێزت باش نووسینەکەی منت نەخوێندبێتەوە و لێی تێنەگەشتبیت. تۆ سەردێڕی نووسینەکەت بەوە دەست پێکردووە کە من مرۆڤێک بم و بە ناچاری پەنام بردبێتە بەر ڕەخنەو تفەنگ بەتاریکە شەوەوە بنێم و تەنها بۆ ئەوەی کە ناوم بێت لە کۆمەڵگادا. یاخوود ڕک و کینەی خۆمە بەرامبەر کەسانێک کە تۆ بە دڵسۆزی گەلەکەمانی دادەنێیت. منیش دەڵێم برای بەڕێز وانییە, ئەوە تۆییت کە ناخوازیی ئەم ڕاستییە وەک خۆی ببینیت. من نازانم بەڕێزت چی بەرپرسیارییەکت هەیە لە پارتیدا, بەڵام وادەردەکەوێت کە جەنابت بەرژەوەندیت لەگەڵ پارتی بارزانی دا یەکبگرنەوە. من نازانم جەنابت چەند سوودمەند بوویت وە دەبیت لە دەسەڵاتی بنەماڵە, بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئەم بنەماڵە هەرچەندە هەزارانی وەک بەڕێزت لە خشتە ببەن و بیانکەن بە بەندەی خۆیان, ئەوا هەرگیز ناتوانن ئەم ڕاستییانە وون بکەن. ئەم ڕاستییانە زۆر بەهێزترو گەشترن لە و ووشە بریقەدارانە و ئەو ملیۆن دۆلارانەی کە لە قووتی میللەتیان بردووەو ئێستا بۆ کۆمەڵێک لایەنگری خۆیانیان وەک جەنابتان هەڵڕشتووە تا چەپڵەیان بۆ بکووتن. وە بەقسەی جەنابیشت تۆ دێیت و ڕاستییەکان ڕووندەکەیتەوە و تا من و کەسانی وەک من کە بەهەڵە تێگەشتووین بەهەڵە تێنەگەین و ڕاستییەکان لە جەنابتەوە وەرگریین !!!

وە خاڵێکی تر کە وا دەکات من گوومانم هەبێت لەوەی کە جەنابت نووسینەکەی منت باش خوێندبێتەوە و لێی تێگەشتبیت ئەو خاڵەیە کە ڕوو دەکەیتە من و دەڵێیت:> لەوە دەچێت کاک ئاریان نان و پیازی لەگەڵ کاک نێچیر خواردبێت کە وا بەڕێزیان لەگەڵ خێزانەکەی بە فارسی دەدوێت >. یەکەم ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەیە, وە پێش ئەوەی کە ئەوەشت بۆ ڕوون بکەمەوە, حەزدەکەم ئەوەت پێبڵێم کە ئەو پۆپلە نووسینەی بە ڕەنگی کەسک لەتەنیشت وێنەکەی نێچیرەوە نووسرابوو لە نووسینەکەی مندا, نووسراوێکی زیادە بوو کە کوردستان پۆست خۆیان بۆنووسینەکەی منیان زیاد کردبوو وە جوان تەماشاشی بکەرەوە یەک جاریتر, لە کۆتایی ئەو نووسینە کەسکەدا نووسراوە (ک پ) کە کورتکراوەی کوردستان پۆست-ە ئەگەر نازانیت. وە ئەوەش کە نێچیر بە فارسی دەدوێت لەگەڵ خێزانەکەی لەماڵەوە پێموایە زۆر کەس دەزانێت, بەڵام سەیر لەوەدایە کە جەنابتان گوێتان سووک نییە بۆ بیستنی ئەم جۆرە شتانە. خۆت پرسیار بکەو بچۆ بەدوای ئەو شتەدا بزانە تا چ ڕادەیەک ڕاستە. وە من دڵنیاشم کە تا ئەم دوواییەش کوردییەکەی زۆر باش نییە. بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئەگەر پێش هەڵبژاردنەکان ئەو چاو پێکەوتنەی نێچیرت بینیبێت لە کوردستان تی ڤی ئەوا بەزەییت دەهاتەوە بەو کوردییە سەروگوێلاک شکاوەی کە سەرۆکی حکومەتە کوردییەکەمان قسەی پێدەکرد. بە دەگمەن وشەی کوردییت بەرگوێ

دەکەوت لەبەر وشەی عەرەبی و فارسی. ئەوە لە هەمووی سەیر تر بوو کە بێژەرەکە وشەیەکی کوردی بیرخستەوە, ئەو بە فارسی دەیزانی. زۆر دەمێک لەمەو پێش نەبوو, دەتوانیت بە کوردستان تی ڤی بڵێیت بۆمان دوبارە بکەنەوە. خۆ نازانم بەڕێزت ئەگەر دیققەتی ئەو بۆنانەت دابێت کە نێچیر ووتاری تیا خوێندۆتەوە, ئەوا دەبینیت کە بە بێ ووتاری پێشنووسراو؛ کە کاسەلێسەکانی چواردەوری لە پێشوەختدا بۆییان هۆنیوەتەوەو نووسیویانە؛ ناتوانێت تەنها 5 دەققەش ئاخافتن بکات. خۆ ئەگەر بیشیکات, ئەوا کوردییەکی زۆر سەقەتە. لەمەولا جوان دیققەتتی ئەو شتە بدە بەڕێز.

ئینجا شتێکی سەیرتر ئەوەیە کە جەنابت دەڵێیت بۆ دەنگت تۆمار نەکردووە لەسەر سایتەکە تا هەموو خەڵک گوێی لێبێت, وە ئەو ووشانە ی کە دوا بە دووای ئەم ڕستەیە هاتبوون لێیان بەباشی تێنەگەشتم لەڕاستیدا. ئینجا دەڵێت کە ئەگەر من جەنابی کاک نێچیرم بدیبایە یەک جار قەت ئاوهام نەدەگووت. ئەو ڕەخنەیەی یەکەمیانت لە وە دەچێت کە ئەندامێک بیت لە پاراستن, چوونکە وا دەردەکەوێت کە حەزبکەییت من جەنابم کێم, وە ئاشکرا ببم, وە بە ڕێیەک لەو ڕێیانەی پاراستن ئەم دەنگی ڕەخنەیە بدۆزنەوە و بنبڕی بکەن. یان بە پارە یان بەڵێنی گەورە دەنگی ڕەخنەکان کپ بکەنەوە. هەر وەک چۆن عەمە سەحی عەسەن و مەهاباد قەرەداخی تان لە ڕەخنەی دژەخۆ دەمکووت کرد.

وە ئەو مامە حەمەییەو ماستاو ساردکردنەوەیە و بەرگریکردنە کە نووسیوتە بۆ کاک نێچیر و باسی دەس و دڵ باشی کاک نێچیر دەکەییت و دەڵێیت ئەو بۆ هەموو کەس باشە و بەبێ جیاوازی خزمەتی هەموو لایەک دەکات. ئێمە کەسانی سەیرین کە ڕەخنە لە و زاتە دەگرین و بیری کەسانی وەک ئێمە بە کەس ڕازی نین. ئەم جۆرە قسانەی بەڕێزت زۆر سادە و ساویلکەن بەداخەوە, وە نووسراوەکەی من بەشی یەکەم و دووەمی وەڵامی ئەم وشانەی بەڕێزت دەداتەوە, هەر بۆیە بۆ وەڵامی ئەم قسانەی تۆ ئاماژە دەکەم بە نووسراوەکانی خۆم.

لە کۆتاییشدا خۆشترین بەزم ئەمەیانە کە دەڵێیت؛ <ئامادەم لەگەڵ بەڕێزتان لە بەرنامەیەکی ڕووبەڕوودا لە چی کەناڵێک تۆ پێت خۆشە ڕوو بە ڕووی جەماوەری کوردستان ببینەوە !> برا بەڕیزەکەم, من تێناگەم لەم دووایییەدا هەر کەسێک دوو ڕەخنەی گرتبێت یەکسەر کەسی ڕەخنە بەرکەوتوو داوای ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کردووە لە کەناڵێکی ئاسماندا!!! ئەوە هەر ئەم بەینەی پێشووش بەرپرسی کوردستان پۆست هەمان پێشنیازی ئاڕاستەکرا. سەیرە.

برا بەڕێزەکەم؛ تۆ بۆ ئەوەندە خۆت سەغڵەت کردووە و خۆت کردووە بە سوورەی بەر لەشکرو ئامادەییت شەڕی بنەماڵەی بارزانی بگریتە ئەستۆی خۆت؟

ئینجا من لە کۆتایی نووسینەکەمدا بۆ بەڕێزت داوا دەکەم کە جەنابت ڕاستییەکان بە سنگێکی فراوانەوە وەربگرە, وە هەوڵبدە بۆ باشکردنی دیموکراسی لە کوردستانی

خۆماندا. بەگوێرەی نووسراوەکەت بێت جەنابت لە ئەڵمانیا نیشتەجێیت, کە دەبوو هەرخۆت دیموکراسی ئەڵمانیا بەراورد بکەییت لەگەڵ ئەو دیموکراسییەی کە پارتی پارتان پەیڕەوی دەکات لە کوردستان.

ئەگەر پێویستی کرد بەشی سێهەمی ئەم نووسراوەش دێت لە داهاتوودا..

لەگەڵ ڕێز و سلاوی

ئاریان سۆرانی

**14.02.2005**

aryansorani@hotmail.com